# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیڕەوکردن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنرێت بۆ داهاتەی ئەم وڵاتە، ئایە ئەم پەراوێزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێروانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە ناتێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەڵات چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێروانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمرۆشدا دوبارە بونەتەوە.

سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی : rebwarreza1983@yahoo.com

........................................................................................................

" 15 "

## تێکدان یاخود خۆپیشاندان

ئاوات عبداللە



وەك سەرەتایەك بۆ ئەوەی بتوانین لە گرنگی مەسەلەیەك تێبگەین،مەسەلەیەك کە بەناوی ڕێزگرتن لە داخوازی و ماف مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا ناسراوە،بۆ ئەوەی من بتوانم حاڵەتێکی سەیرو کارەسات بار نیشان بدەم هەوڵ دەدەین ناوەڕۆك و پێك هاتەی دوو حاڵەت و دیاردەی جیاواز نیشان بدەین.

یەکەم: ڕۆژی 13ی ئابی 2006 وەك ناڕەزایی یەك لە بەرامبەر نەبوونی پێداویستیە هەرە سەرەتایی یەکانی ژیانی خەڵك لە لایەکی تریش وەك پراکتیکردنی سەرەتایی ترین مافە بنەڕەتیەکانی نێو دنیای مەدەنیەت و ئازادی و دیموکراسیەت،ئێمە لە ساحەی سەرای شاری سلێمانیەوە بۆ بەردەم پارێزگاری سلێمانی خۆپیشاندانێکمان ئەنجامدا دیارە بێ ئەوەی من پشتگیری لە هیچ جۆرە حاڵەت و شێوازێکی توند و تیژ بکەم بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەرگیز باوەڕم بەو قسەو بەڵگە ستۆك و بێ مانایانەی پیاوەکانی دەسەڵات نیە هەر جۆرێك لە کارو کردەوە کە بە دڵی ئەوان نەبێت بێ هەست کردن بە هیچ جۆرێك لە بنەمای ئەخلاقی و نیشتمانی ئەو جۆرە کەسانە بە خەڵکی ئاژاوە چی و تێکدەر و بێ عەقل دەزانن..،

دووەم: لە دوای تێپەڕ بوونی چەند ڕۆژێك بەسەر ئەو خۆپیشاندانەی ئێمەبەڕێز سەرۆکی هەرێم بڕیاری داگرتنی ئاڵای عێراقی لە شارو ناوچەکانی کوردستاندا ڕاگەیاند،دوای ئەم بڕیارە وەك لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکاندا بینیمان بۆ پشتگیری کردن لەم بڕیارە چەندین ڕێکخراوی لاوان و قوتابیان (دیارە ئەو ڕێکخراوانەی پاشکۆی حیزبن نەك ڕێکخراوی مەدەنی) ئەم جۆرە ڕێکخراوانە بە شێوازێکی بەرفراوان و بە بڕیارێکی ئاڕاستە کراو جگە لە خۆ پیشاندان بۆ بەردەم پەرلەمانی کوردستان چەندین جۆر نمایشی دیکەمان بینی کە هەموویان تەعبیر بوون لە پشتگیری کردن لەم بڕیارەی جەنابی سەرۆك کە لە هەموو دیاردەکان سەیر و ترسناك تر بەلای منەوە سوتاندنی ئاڵای عێراق بوو لەبەر چاوی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا....

لەم کاتەداو لە کاتی پیشاندانی ئەم دوو جۆرە لە حاڵەتی خۆ پیشاندان،ئەو شتەی کە جێگای خەم و تێڕامانی منە ئەوەیە،داخۆ بە ڕاست چ جۆرە کەسانێك ئاژاوە چی و تێکدەرن؟پێش هەموو شتێك ئەگەر بڕیار بێت حزب و دەسەڵاتی ئێمە لەسەر کاری تێکدەر و بەرد هاویشتن ئێمە دادگایی دەکات ئەوا ڕاستر و باشتر وایە بەڕێزیان کەمێك جورئەت بخەنە بەر خۆیان و پێش ئێمە خەڵکی گەلێك

شایستە تر هەیە کە مەحکومن بە کاری تێکدەر و ئاژاوەگێڕی،هەموو خاوەن بڕیار و هەڵسوڕێنەرانی شەڕی ناوخۆ، مەسئولە فایلدارەکان و پیاوە جاسوسەکان،قەڵەمەکانی شەڕی ناوخۆ،ئەو کادر و مەسئولە حزبیانەی کە ئەمڕۆ بونەتە گەورەترین سەرمایەدار و قاچاخچی و تاجرەکانی ناوبازاڕ،لە ڕاستیدا هەر کەسێك خاوەنی کەمترین هەست و ئیدراکی مرۆیی و زانستی بێت لەوەش تێدەگات خەڵکی خۆنیشاندەر یاخوود ئەم جۆرە مرۆڤانە کامیان تێکدەر و ئاژاوەگێڕی ڕاستەقینەن،یەکێك لە تەبریر و بەڵگە کەم نەفەس و بێ بنەماکانی دیکەی دەسەڵات ئەوەیە،لەبەر ئەوەی ئاسایشی ووڵات لەهەر چوار لاوە لە ژێر مەترسیدایە،بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسوودەیی وڵاتەکەمان نە شێوێ و دەستی بێگانەو ناحەزان نەتوانن زەفەرمان پێبەرن ئەوا دەبێت ئێمە خۆمان لە هەموو جۆرێك لە کاری کۆبونەوەو خۆنیشاندان بە دوور بگرین چونکە هیچ دوور نیە لە کاتی ئەو خۆنیشاندانە ناحەزان کارو پیشەی خۆیان جێ بەجێ بکەن،من نامەوێت زۆر بە ووردی هەموو ئاست و لایەنە جیاوازەکانی ئەم جۆرە قسانە شی بکەمەوە،بەڵام دەمەوێت پرسیارێك ئاڕاستەی پیاوەکانی دەسەڵات بکەم،ئەگەر دوژمنان و ناحەزان خۆیان بۆ ئێمە مەڵاس دابێت و چاوەڕێ بن لە هەر شوێنێك قەرەباڵغی و خۆنیشاندان دروست بوو ئەوانیش دەست بەجێ زەفەرمان پێ بەرن، بەڵام ئەم بڕیاری زەفەر پێبردنە بۆ هەر تەنیا شمولی خۆنیشاندانەکانی ئێمە دەکات؟،تۆ بڵێ ی ناحەزان و تیرۆرستانیش هەمان شێوەی دەسەڵات تەنیا بەو جۆرە خۆنیشان دانە پەست دەبن کە خەڵك وەك ناڕەزایی لە پێناو پێداویستیەکانی ژیاندا ئەنجامی دەدەن،خۆ ئەگەرنا ئەوا ئەمجۆرە بەڵگانە بۆ تەنیا شمولی

ئێمە دەکات،ئەی بۆچی کاتێك ڕێکخراوە حیزبیەکان بۆ پشتگیری لە بڕیاری داگرتنی ئاڵای عێراق بە دەیان و سەدان قوتابی و لاو دەهێننە سەر جادە کەچی لەم کاتەدا هیچ جۆرە مەترسی و نیگەرانیەك سەبارەت بە دوژمنان و تیرۆرستان لە ئارادا نیە ؟،جگە لەمانەش زۆر گرنگە ئێمە سەرنجی بنەماو دەرهاویشتەی مەسەلەکان بدەین،لەکاتێکدا لە پێناو ناڕەزایی یەکانی خەڵکی ئێمە خۆنیشان دان ئەنجام دەدەین،لە ڕاستیدا هەر کەسێك

**خاوەنی کەمێك عەقڵ و تێگەیشتن بێت دەزانێت دابین کردنی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی هیچ جۆرە پابەند بوون یاخود پەیوەندیەکی بە مەسەلەی ئارامی و ئاسایشەوە نیە،لەسەر بنەمای ئەم داخوازیانە بە گوتەی ئەوان ئێمە کەم ئەزموون و بیٚ عەقڵ و نەزانین،ئاگامان لە بڕیار و پێشهاتە سیاسیەکانی دەوروبەرمان نیە،نازانین چ شتێك زیانەو چ شتێکی تریش خزمەت بە بەرژەوەندی و خواستە نەتەوەیی یەکانمان دەکات،بەڵام من دەمەوێت بپرسم،پرسیارێکی ساکار و ئاسان،ئاسان بۆ کەسانێك کە خاوەنی هەندێك دونیا بینی و ئەزموونی مەعریفی و سیاسین،ئایا ئێمە ئاگادارین خۆنیشاندان بۆ بەردەم پەڕلەمانی کوردستان و سوتاندنی ئاڵای عێراق،بەراورد لە گەڵ خۆنیشاندان بۆ پێداویستیە هەرە سەرەتایی یەکانی ژیان،ئایا ئەم دوو جۆرە دیاردەو حاڵەتە کامیان ڕقی ناحەزان ئەستور دەکات و کامیان خزمەت بە داخوازی خەڵك و هەروەها بەرژەوەندی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیمان دەکات..؟!**